## یەکێکیان هێرشبەرە و ئەوەی دیکەشیان گۆڵپارێز..

# 2 مێسی یاری بۆ بارسیلۆنا دەکەن

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

سێرجی سانز مۆنتیرۆ، ڕاگەیاندنکاری ئیسپانی، پەسنی تیر شتیگنی گۆڵپارێزی ئەڵمانی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی دەدات و دەڵێت "شتیگن مێسی گۆڵپارێزەکانە".

هاوکات لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە زۆربەی چاودێران پێیانوایە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی هۆکارێکی سەرەکی ئەو ئاست و ئەنجامە باشانەیە کە تاوەکو ئێستا بارسیلۆنا لەم وەرزەدا پێشکەشی کردووە، بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە دەڵێت "تیر شتیگنی گۆڵپارێزیش هێندەی مێسی ڕۆڵی هەبووە لەو ئەنجامانەی بارسیلۆنا"، چونکە ئەوانە پێیانوایە ئەگەر مێسی بە تۆمارکردن و دروستکردنی گۆڵ سەرکەوتنەکانی بۆ بارسا بەدەستهێنابێت، ئەوا شتیگنیش بە پاراستنی تۆڕی گۆڵەکەی بەشداری لەو سەرکەوتنانەدا هەبووە، کە چەندینجار بە گەڕاندنەوە سەرسوڕهێنەرەکانی بارسای لە دۆڕاندن ڕزگارکردووە".

سێرجی سانز مۆنتیرۆ، ڕاگەیاندنکاری ئیسپانی، یەکێکە لەوانەی ئەم بۆچوونەی هەیەو لە وتارێکدا لەبارەی شتیگنەوە نووسیویەتی "لە ڕاستیدا ئەمساڵ بارسیلۆنا بە دوو مێسی یاری دەکات، یەکێکیان لە ریزی پێشەوەو یەکێکیشیان وەک گۆڵپارێز".

تیر شتیگن، تەمەن 25 ساڵان، لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا لە 18 یاری لالیگا و چامپیۆنزلیگدا تەنیا 6 گۆڵی لێبووە، 67 لێدان ئاراستەی گۆڵەکەی کراوەن و لە 13 یارییدا نەیهێشتووە گۆڵی لێببێت، چەندین گەڕاندنەوەی خەیاڵیشی هەبووە.




WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (475) سێشەممە 2017/11/28 7ی سەرماوەز - 2717 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات


## PSG پلانی (مێسی، ئێمباپێ و نەیمار) بە (کریستیانۆ، ئێمباپێ و نەیمار) دەگۆڕێتەوە..

# CMN

"مێسی بە نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی شکستی بە پلانە گەورەکەی قەتەرییەکان هێنا"

« 3



## بوومەلەرزەیەک یانەی شاهانە دەهەژێنێ

« 3

2

هاوناز محەممەد..

پاڵەوانێکی بێ یانە



3

خانمە یاریزانی کوردی لایپزیگ لەبەر مێردەکەی تووڕەیە



4

ئۆبلاک کاریگەرترین گۆڵپارێزی ئەوروپایە



ژمارە ( 475 )
سێشەممە 2017/11/28



## ناگەڕێتەوە

هەڵگورد مەلا محەممەدی یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر، کە پێشتر بۆ هەڵبژاردەی عێراق و یانەی جەویەش یاریکردووە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (رووداوی وەرزشی) گوت «گرێبەستی یانەی تەڵەبە و چەند یانەیەکی باشووری عێراق و یانەکانی شاری بەغدام رەتکردووەتەوە». هەروەها گوتی «یانەی هەولێر هیچ داوایەکی ئاراستە نەکردووم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە ریزەکانی». هەڵگورد گوتیشی «هیچ کات بیرم لە گەڕانەوە بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق نەکردووەتەوە».



# زاخۆ هەڵدەستێتەوە

## راهێنەری یانەی زاخۆ: لە 2 یاری رابردوودا ئاستێکی بەرزمان پێشکەشکردووە، بەڵام چانسمان نەبوو

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - زاخۆ**

راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی زاخۆ، لە خولی نایابی عێراقی بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «تیپەکەمان ئامادەکاری وەک پێویست نییە، ئەگەر نا تیپێکی تۆکمەیە و هەوڵدەدەین لە یارییەکانی داهاتووە ئەنجامان باش بێت».

یانەی زاخۆ ئەمساڵ وەک نوێنەری یانەکانی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بەڵام لە 2 یاری دەستپێکی خولەکە سەرەڕای باش یاریکردنی، تووشی 2 شکستی یەک لەدوای یەک بووە، لەگەڵ ئەوەشدا راهێنەری یانەکە هێشتا ئومێدی بە تیپەکەی ماوەو متمانەی بە خۆی و یاریزانەکانی هەیە کە بتوانن تیپەکەیان ببەنە قۆناخێکی باشتر.

محەممەد یوسف، راهێنەری تیپی تۆپی پێی زاخۆ بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئامادەکارییەکانمان وەک پێویست نەبووە، چونکە سەرەتا ئێمە نەماندەزانی بەشداری خولەکە دەکەین یاخود نا، کە سەرەتا 28 تیپ بوو دواتر کەم کرایەوە بۆ 20 تیپ، بۆیە ئێمە دوودڵ بووین لە بەشداریکردن، ئامادەکارییەکانمان باش نەبوون و لە بەرامبەریشدا یانەکانی دیکەی خولەکە ئامادەکاری زۆر باشتریان لە ئێمە کردووە».

لەبارەی پشت بەستن بە یاریزانانی کورد، راهێنەری یانەی زاخۆ بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە ئەمساڵ جیاوازین، چونکە تیپەکەمان کۆمەڵێک یاریزانی کوردی لەخۆگرتووە، 6 بۆ 7 یاریزانی کوردی شاری زاخۆ و هێنانی چەند یاریزانی دیکەی کوردی یانەکانی دیکە، بەتایبەتی میران خەسرۆ، سەرتیپ ئەحمەد و ستار و چەند یاریزانی دیکە، ئەوەش بۆ ئێمە گرنگی خۆی هەیە، چونکە یاریزانی لاون و دەتوانین سوود لە توانای ئەو گەنجە کوردانەی خۆمان ببینین».

لەبارەی ئەو دوو ئەنجامە خراپەی تیپەکەی بەدەستیهێناون، محەممەد یوسف بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئاستمان لەو دوو یارییەی رابردوو لە بەرامبەر نەفتی جنوب و حدود زۆر باش بووە، یاریزانەکانمان توانیویانە ئاستی شایستە پێشکەش بکەن، بەڵام لە یاری یەکەم بە هەڵەی کەسیی و لە یاری دووەمیش هەر بە هەمانشێوە تووشی شکست بووین، ناوبژیوانیش لێدانی سزای بۆمان هەژمار نەکرد، بۆیە تا رادەیەک چانسمان نەبووە».

لەبارەی گرفتەکانی یانەکەشیانەوە، محەممەد یوسف گوتی «گرفتێکی ئەوتۆمان نییە کە شایەنی باس کردن بێت، بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەک دەتوانین بەسەر ئەم بارودۆخەدا سەرکەوتوو بین و ئەنجامێکی باش بەدەستبێنین، چونکە تا رادەیەک گرفتی ئێمە لەنێو یاریگایە، ئێمەش خاڵی لاوازی خۆمان دەزانین و لە یارییەکانی داهاتوومانددا چارەسەری دەکەین».

راهێنەری یانەی زاخۆ، لەبارەی هێنانی یاریزانانەوە، گوتی «لە کاتی گواستنەوەی یاریزانان لە داهاتوودا هەوڵدەدەین 3 بۆ 4 یاریزانی باش بهێنینە ریزی تیپەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی باشتر دەربکەوین لە یارییەکانمان و ئەنجامەکانیشمان باشتر بکەین». هەروەها گوتیشی «گرێبەستمان لەگەڵ یاریزانێکی ئەفریقی کردووە، ئێستا لەگەڵ تیپەکەیە».



# نیاز بەنیازی هەڵبژاردەی عێراقە

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - بەغدا**

نیاز محەممەد، یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی ئەمانەی بەغدا، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «گرێبەستی زۆر باشترم هەبوو لە یانەی هەولێر، بەڵام من لەگەڵ هەولێر گرێبەستم نوێ کردەوە، لەدوای دوورخستنەوەی هەولێریش یانەی ئەمانەم هەڵبژارد».

دوای بێبەشبوونی یانەی هەولێر لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، ریسی یاریزانەکانی لێ بوو بە خوری، کە بڕیاریاندابوو تیپێکی بەهێز بۆ شارەکەیان ئامادە بکەن، بۆیە ئەو یاریزانانە بەناچاری ملی رێگایان بۆ یانەکانی دیکەی عێراق گرتەبەر، کە یەکێکیان نیاز محەممەدی یاریزانی دڵی بەرگری یانەی هەولێر بوو. وەک نیاز محەممەد بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند ئەو دوای رەتکردنەوەی چەندین گرێبەست، داوجار بڕیاریدا گرێبەست لەگەڵ یانەی ئەمانەی شاری بەغدا واژوو بکات. نیاز لەو بارەوە گوتی «بەفەرمی لەگەڵ یانەی ئەمانەی شاری بەغدا رێککەوتووم بۆ ئەوەی ئەمساڵ لە خولی نایابی عێراقی یاری بۆ ئەو یانەیە بکەم».

نیاز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو بڕیاریدابوو تەنیا بۆ یانەی هەولێر یاری بکات، بۆیە چەندین گرێبەستی باشتر لە گرێبەستی یانەی هەولێری رەتکردووەتەوە، بەڵام وەک خۆی گوتی «بەڵام بەهۆی بێبەشبوونی هەولێر لە خولی عێراق، ناچار بووم یانەیەکی دیکە هەڵبژێرم بۆ ئەوەی یاری بۆ بکەم». ئەو گوتیشی «بەر لەوەی گرێبەست لەگەڵ یانەی هەولێر بکەم، هەریەک لە یانەکانی مینا، نەجەف و نەفتی وەست کە پێشووتر لەو یانەیە یاریم دەکرد، گرێبەستی زۆر باشیان بۆم دانابوو بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، بەڵام بە مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یانەی هەولێر ئەوان لە شوێنی من یاریزانی دیکەیان بردە ریزەکانیان».

نیاز نیازی خۆی بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکرا کرد و گوتی «هەرچەندە گرێبەستەکەی ئەمانە لە ئاست ویستی مندا نییە، بەڵام خراپیش نییە، ئێستا هیچ گرفتێکم نییە، یانەی هەولێریش مۆڵەتی گواستنەوەم پێدەدات، بۆیە دەمەوێ لەگەڵ یانەی ئەمانە ئاستێکی بەرز لە خولی عێراقدا پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی بگەمە ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق».



## کامیران خالید، یاریزانی کوردی یانەی نەفتی وەسەت:

# هەر دەبێ بگەڕێمەوە هەولێر

**رووداوی وەرزشی - نەجەف**

کامیران خالید، یاریزانی یانەی نەفتی وەست، بە (رووداوی وەرزشی) رایگەیاند "زۆرم حەزمەدەکرد خزمەتی یانەکانی کوردستان بکەم، بەڵام بارودۆخەکە رێگر بوو". هەروەها گوتیشی "هەر دەبێ بگەڕێمەوە یانەی هەولێر، چونکە شاری خۆمە".

بێبەشکردنی یانەی هەولێر لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، خەونی زۆربەی ئەستێرەکانی یانەکە، کە بەڵێنی خزمەتکردنی شارەکەیان دابوو لەنێوبرد، یانەکانی دیکەی شارەکانی عێراقیش ئەم هەلەیان قۆستەوەو گرێبەستیان لەگەڵ ئەستێرەکانی یانەکە کرد.

کامیران خالید، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر و دهۆک، ئەمساڵ بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی نەفتی وەست کرد. ئەو لەبارەی پەیوەندیکردنی بە یانەکەی باشووری عێراق، بە (رووداوی وەرزشی) گوت "بەفەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی نەفتی وەست کردووە بۆ ماوە یەک وەرز، بەڵام چوونم بۆ ئەو یانەیە بەشێوەی خواستنە، چونکە گرێبەستم لەگەڵ یانەی هەولێر هەیەو دەستبەردارم نابێت". هەروەها گوتیشی "جگە لە یانەی نەفتی وەست یانەی حدودیش پێیان گوتووم بۆ یاریکردن لە خولی عێراقی، هەروەها بۆ خولی کوردستانیش چەندین یانە داوای گرێبەستیان لێکردم، بەڵام من گرێبەستی یانەی نەفتی وەستم لەسەر داوای ئیدارەو راهێنەری ئەو یانەیە قبوڵکرد".

لەبارەی گەڕانەوەشی بۆ شاری هەولێر، یاریزانی ناوبراو گوتی "من هەر دەبێ بگەڕێمەوە شاری هەولێر و ریزی یانەکە، چونکە جگە لە هەولێر و دهۆک ئامادە نیم بۆ هیچ یانەیەکی دیکە یاری بکەم". هەروەها گوتیشی "من ئامادەم خزمەتی یانەکانی کوردستان بکەم، بەڵام یانەی زاخۆ کە بەشداری لە خولی نایابی عێراقدا دەکات داوای لە من نەکرد یاری بۆ بکەم".

ئەو یاریزانە کوردە، کە پێیوابوو ئێستا بۆ یانەیەکی بەهێزی عێراق یاری دەکات، ئامادە نییە یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق بکات و گوتی "هیچ کات بیر لە یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی عێراق ناکەمەوە، بەڵام هەموو کات ئامادەم بۆ پەیوەندیکردن بە هەڵبژاردەی کوردستانەوە، کە زۆر حەزدەکەم یاری بۆ بکەم".

> "یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق ناکەم، تەنیا بیر لە هەڵبژاردەی کوردستان دەکەمەوە"



## هاوناز محەممەد..

# پاڵەوانێکی بێ یانە

**رووداوی وەرزشی - رانیە**

هاوناز محەممەد، کچە یاریزانی پایسکیلسواری لە قەزای رانیە، بە (رووداوی وەرزشی) رایگەیاند لە داهاتوودا هەموو هەوڵێک دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی فێرگەیەکی پایسکیلسواری تایبەت بە کچان بکاتەوە.

زۆرن ئەو یاریزانانەی خاوەن ئەنجام و میدالیای جۆراو جۆرن، بەڵام هیچ یانەیەکیان نییە بۆ ئەوەی یاری بۆ بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامن لە مەشقەکانیان و ناهێڵن ئاستیان دابەزێت، یەکێک لەوانەش هاوناز محەممەدی کچە یاریزانی پایسکیلسوارییە.

ئەو کچە پایسکیلسوارە هەرچەندە تەمەنێکی کەمی هەیە، بەڵام لە ئێستاوە خەونی گەورەی هەیە بۆ داهاتووی خۆی، ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «من ماوەیەکی زۆرە لە وەرزشیی پایسکیلسواریم، بەڵام بەهۆی خوێندنمەوە دەرفەتی ئەوەم نەبووە لە هیچ تیپێک یاری بکەم».

کچە یاریزانی ناوبراو، باسی خەونی خۆی بۆ (رووداوی وەرزشی) کردو گوتی «خەونی من ئەوەیە فێرگەیەکی تایبەت بە پایسکیلسواری بۆ کچان بکەمەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیارێکی وام نەداوە بەهۆی بارودۆخی وڵاتەکەم و گرنگی خوێندنەکەم، بەڵام بێگومان لە داهاتوودا هەموو هەوڵێکم دەخەمەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانم فێرگەیەکی پایسکیلسواری تایبەت بە کچان لە شاری رانیە بکەمەوە».

خەونی هاوناز لەوە گەورەترەو دەیەوێ بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتیدا بکات، ئەو گوتی «بەداخەوە هیچ کەسێک هاندەر و پاڵپشتم نەبووە بۆ ئەوەی بتوانم لەسەر ئاستی عێراق بەشداری بکەم، بۆیە دەمەوێ زیاتر بەشداری چالاکی و پێشبرکێی پایسکیلسواری بکەم و بتوانم زیاتر خزمەتی ئەم یارییە بکەم، هەموو هەوڵێکیشم بۆ ئەوەیە بتوانم لە داهاتوودا بەشداری پاڵەوانیەتییەکی جیهانی بکەم، چونکە خەونی گەورەم ئەوەیە».

هاوناز، کە تاوەکو ئێستا هیچ گرێبەستێکی بۆ نەهاتووە، گوتیشی «بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا پاسکیلسواری بۆ کچان شتێکی نامۆیە، کچ کە دەبێت بە پایسکیلسوار هەمیشە پێیدەگوترێت عەیبە تۆ کچی، بەڵام دەبێ ئەم نەریتە لەناو ببەین و ئێمەش شان بە شانی کوڕان بتوانین خەون و ئامانجی خۆمان بەدەستبێنین».

> «لە داهاتوودا هەوڵ دەدەم فێرگەیەکی پایسکیلسواری بکەمەوە»

ژمارە (475)
سێشەممە 2017/11/28



## هەرگیز

گویلیام بالاگی ڕۆژنامەنووسی ئیسپانی، لە وتارێکیدا باس لە دەنگۆی ڕۆیشتنی مەسعود ئۆزێلی یاریزانی ئەڵمانی بۆ ریزەکانی بارسیلۆنا کردووەو نووسیویەتی «بارسیلۆنا پێویستی بە ئۆزێل نییە، بۆیە هەرگیز گرێبەستی لەگەڵ ناکات، بێگومان ئۆزێل یاریزانێکی گەورەیە، بەڵام شێوازی یاریکردنی لەگەڵ بارسا ناگونجێت. ئەگەر بارسا ئۆزێلی ویستبووایە لە هاوینی ڕابردوودا دەیتوانی گرێبەستی لەگەڵ بکات، بەڵام بارسا ئەو یاریزانانەی دەوێ کە لەگەڵ شێوازی یاریکردنی دەگونجێن».

## دوای نوێکردنەوەی گرێبەستی لیۆنێل مێسی لەگەڵ بارسیلۆنا..

# PSG پەنا دەباتە بەر پلانی B

**ئا: ئیحسان تاهیر**

ڕۆژنامەی کۆنفیدینیساڵی ئیسپانی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە، تێیدا باسی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی دەکات، کە ناسر خلێفی قەتەری بەڕێوەی دەبات، کە چەندینجار ویستی خۆی بۆ بردنی یاریزانە گەورەکان بۆ ڕیزەکانی یانەکەی نیشانداوە، نەخاسمە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و لیۆنێل مێسی.

> «قەتەرییەکان چیدی بەهۆی مێرکاتۆ لە سزادان ناترسێن»

### ◄ لە MMN بۆ CMN

ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت «سانجێرمان چەند مانگێک بوو هەوڵی پەڵکێشکردنی مێسی دەدا، بە گرێبەستێک کە لەوانەبوو بگاتە 300 ملیۆن یۆرۆ بۆ ماوەی 5 ساڵ. بەڵام مێسی گرێبەستەکەی لەگەڵ بارسیلۆنا نوێکردەوە، بۆیە ئەمجارە بیر لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەکاتەوە».

هەروەها دەشڵێت «پاریس سانجێرمان دەیویست بە کڕینی مێسی سێکوچکەی MMN واتە (مێسی، ئیمباپێ و نەیمار) دروست بکات، بەڵام بە شکستهێنانی گرێبەستکردن لەگەڵ مێسی یانەی پاریسی وەک پلانی Bدەیەوێ کریستیانۆ بێنێتە ڕیزەکانی و سێکوچکەی CMN واتە (کریستیانۆ، ئیمباپێ و نەیمار) دروست بکات».

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، خەونی تەمیم کوڕی حەمەد ئەلسانی، شازادەی قەتەر، کە یانەکەی پاریس بەڕێوەدەبات، ئەوەیە گرێبەست لەگەڵ گەورەترین کەسایەتییەکان لە جیهانی تۆپی پێدا بکات و نووسیویەتی «شازادەی قەتەر کە بە ڕفاندنی نەیمار لە بارسیلۆنا، جیهانی هەژاند، ئێستا بە هیوای ئەوەیە، خەونێکی دیکەی مەحاڵ بکاتە ڕاستی، ئەویش گرێبەستکردنە لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ».

ڕۆژنامەکە باسی ئەوەش دەکات، کە یانەی پاریسی متمانەی بەوە هەبوو کە تواناکانی مێسی بەدەستبێنێت، چونکە دڵی بەوە خۆش بوو کە مێسی گرێبەستەکەی لەگەڵ بارسا نوێ نەدەکردەوە، چەند مانگێک بوو بێدەنگ بوو، بەڵام دواتر ئەو خەونەی قەتەرییەکانی لەباربردو نوێی کردەوە، بۆیە ئێستا ئەوان ناچارن هەوڵ بۆ ڕازیکردنی ڕۆناڵدۆ بدەن، کە ڕاگەیاندنەکان باس لەوە دەکەن ڕۆناڵدۆ بەرپرسانی ڕیال مەدریدی لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە لە کۆتایی ئەم وەرزەدا ریزەکانی ڕیال مەدرید جێدەهێڵێت.

### ◄ ستراتیژیەتێکی دیکە

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی کۆنفیدینیساڵی ئیسپانی، دوای ئەوەی مێسی بڕیاری کۆتاییدا، یانەکەی پاریس پلان بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتێکی دیکە، بۆ واژووکردن لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دادەنێت، کە لە ڕاستیدا ڕۆناڵدۆ بە کردار هەنگاوی یەکەمی ناوە، لەمیانی داواکردن لە سەرۆکی یانەکە، فلۆرەنتینۆ پێرێز، بە ئاسانکردنی ڕۆیشتنی لە کۆتایی وەرزدا، بەڵام داواکەی ئێستا ڕەتکراوەتەوە «پێشبینی دەکرێ، کریستیانۆ چاوەڕێی تەواوبوونی خولی ئیسپانیا بکات، تاوەکو کار لەسەر فشار خستنە سەر ڕیال مەدرید بکات». ڕۆژنامەکە باس لەوەش دەکات، لە چوارچێوەی ئەو پلانەدا و بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی، بە واژووکردن لەگەڵ کریستیانۆ، یانەی پاریس سانجێرمان خۆی بۆ دەستبەرداربوون لە چەند یاریزانێکی گەورە و فرۆشتنیان لە میرکاتۆدا ئامادە دەکات، لەوانە کاڤانی، دارکسلەر، دی ماریا، ئەگەر پێویستیش بێت کۆنزالۆ گیدس. پێدەچێ یانەکەی پاریس ئامادەبێت، هەموو شتێک بکاتە قوربانی بەدیهێنانی ئەو خەونەی، نەخاسمە دوای خەرجکردنی بڕی 222 ملیۆن یۆرۆ لە هێنانی نەیمار لە هاوینی ڕابردوودا، لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی لە ئایندەدا، بۆ واژووکردن لەگەڵ ئیمباپێ بەرامبەر بە 145 ملیۆن یۆرۆ دەیدات.





### ◄ سزا نادرێت

وادیارە بەرپرسەکانی یانەکە هەموو شتێکیان کردووە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان پارە لە کڕینی ئەستێرەکان خەرج بکەن، بێئەوەی ڕووبەڕووی سزادان ببنەوە.

ڕۆژنامەی ناوبراو باس لەوە دەکات کە هەڵکشانی بەرچاوی سانجێرمان لە لیستی دیلویت، بۆ دەوڵەمەندترین یانەکانی تۆپی پێی جیهان، بۆ هەمووان ئاشکرا بووە. لە ساڵی 2014 سانجێرمان یانەی پێنجەمی جیهان بوو، لە ڕووی زۆرترین داهاتی بازرگانییەوە. کەچی نزیکەی ساڵێک پێش هاتنی قەتەرییەکان بۆ پایتەختی فەرەنسا، یانەکە لەنێوان پلەکانی 30 و 40ی ئەو پۆلینەدا هاتوچۆی دەکرد.

بنکەی داهاتەکانی پاریس سانجێرمان لە بنەڕەتدا، بۆ گرێبەستی سپۆنسەریی دەستەی گشتی گشتوگوزاری قەتەر دەگەڕێتەوە. لەو بارەوە، یانەی پاریس لەگەڵ ئەو دەستەیەدا، گەورەترین گرێبەستی ڕیکلامی لە مێژووی تۆپی پێی واژوو کردووە، کە بە نزیکەی 200 ملیۆن یۆرۆی ساڵانە مەزندە دەکرێ.

هەر لە هەمان ساڵدا، یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا وای لەقەڵەمدا، ڕێککەوتنەکە لەگەڵ بەهای بازرگانی پاریس سانجێرمان هاوتا نییە، بۆیە سزای بەسەر یانەکەی پاریس سەپاند، لەبەرئەوەی ڕێزی لە گیانی وەرزشی دارایی نەگرتووە، لەوانە 60 ملیۆن یۆرۆی پێ ژمارد، لەگەڵ سنووردانان بۆ ژمارەی یاریزانە تۆمارکراوەکان لە چامپیۆنزلیگ بۆ 21 یاریزان، لەجیاتی 25 یاریزان لەمیانی وەرزی 2014 ـ 2015، زێدەباری پابەندبوون بە ڕەتنەدان لە 30 ملیۆن، لەسەر ئاستی ئیفلیجی دارایی لەو وەرزەدا.

ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەش دەکات، بودجەی دارایی یانەی پاریس سانجێرمان بە کردار، لە سنووری گرێبەستە گەورەکانی لەگەڵ هەندێ کۆمپانیای سپۆنسەرکار ڕەتیداوە، لەوانە بەنکی قەتەری نیشتمانی و کۆمپانیای پەیوەندیکردنی ئوریدو. داهاتەکانیشی لە مافەکانی بیستراو و بینراودا گەیشتووەتە 124 ملیۆن یۆرۆ، لەو کاتەی قازانجەکانی لە پەنجەرەکانی بلیت لە سەرووی 40 ملیۆن یۆرۆیە.

لە کۆتاییدا ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات، قەتەرییەکان شێرەی پارەیان بۆ نغرۆکردنی بازاڕی گواستنەوە کردووەتەوە، بێ ترسان لە پرۆسەکانی وردبینی ئێستای یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا، تاوەکو ڕادەی واژووکردن لەگەڵ یاریزانی بەرازیلی ویندل، بەرامبەر بە 10 ملیۆن یۆرۆ لە بازاڕی گواستنەوەی زستانەدا.

> «سانجێرمان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی کاڤانی و دیماریا و دراکسلەر دەفرۆشێت»





## بەهۆی گرێبەستە نوێیەکەی مێسی..

# بوومەلەرزەیەک مەدرید دەهەژێنێ

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

تۆڕی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی، ئاشکرای دەکات بەهۆی گرێبەستە نوێیەکەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لەگەڵ یانەی بارسیلۆنا، لێشاوێک لە نارەزایی و تووڕەبوون نێومالّی مەدریدی گرتووەتەوەو دەشڵێت "لەوانەیە بەهۆیەوە ڕیال مەدرید باشترین یاریزانی خۆی لەدەستبدات".

بەپێی هەواڵێکی تۆڕی ناوبراو، نوێکردنەوەی گرێبەستی مێسی لەجیاتی ئەوەی کێشە لەنێو ژووری جلگۆڕینی بارسیلۆنا بێنێتەوە، هەرایەکی لە ژووری جلگۆڕینی ڕیال مەدریدی ڕکابەری هەمیشەیی بارسا ناوەتەوەو یاریزانەکانی ئەو یانەیەی تووڕە کردووە، بەتایبەتیش کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ. دیاریۆ گۆڵ دەڵێت "ڕۆناڵدۆ بە بەرپرسانی ڕیال مەدریدی ڕاگەیاندووە کە ئەو هیچ لە مێسی کەمتر نییە، بۆیە پێویستە مووچەیەکی وەک مێسی پێبدەن". هەروەها دەشڵێت "تەنانەت ڕۆناڵدۆ پێیانیگوتووە بە مووچەیەکی وەک نەیماریش ڕازی نیم، دەبێ مووچەی مێسیم پێبدەن، ئەگەرنا لە مەدرید دەڕۆم".

ئەو سەرچاوەیە، باس لەوەش دەکات، ئەوەی زیاتر ڕۆناڵدۆ و هاوڕێکانی تووڕە کردووە ئەو پاداشتەیە کە بارسا بەهۆی نوێکردنەوەی گرێبەستەکە بە مێسی داوەو یەکسانە بە 100 ملیۆن یۆرۆ.

هەرچەندە خۆرخێی باوک و بریکاری مێسی و بەرپرسانی بارسیلۆنا پێیانباشبوو وردەکارییەکانی گرێبەستەکە بەنهێنی بهێڵنەوە، بەڵام بەپێی هەندێک لە زانیارییە دزەپێکراوەکان، مێسی بەپێی ئەو گرێبەستە نوێیە مووچەیەکی ساڵانەی 50 تاوەکو 60 ملیۆن یۆرۆیی وەردەگرێت لەگەڵ پاداشتێکی 100 ملیۆن یۆرۆیی.

مێسی تەمەن 30 ساڵ گرێبەستەکەی بۆ ماوەی 4 ساڵی دیکە نوێکردووەتەوە، بەهای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی 700 ملیۆن یۆرۆیە، 603 یاری بۆ بارسیلۆنا کردووە، 523 گۆڵی تۆمارکردووەو 30 نازناویشی بردووەتەوە، چیرۆکەکەیشی بەردەوامە.

> ڕۆناڵدۆ بۆ ڕیال مەدرید:
> هیچم لە مێسی کەمترنییە



## لەبەرئەوەی مێردەکەی نەکراوەتە باشترین یاریزانی سوێد..

# خانمە کوردەکە تووڕەیە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

بە درێژایی 10 ساڵ، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ، کۆنترۆڵی خەڵاتی باشترین یاریزانی لە سوێد کردبوو، بەڵام ئەم ساڵە ئیمیل فۆرسبێرگ، یاریزانی لایپزیگ، بەهیوای ئەوە بوو، خەڵاتەکە وەرگرێ، کەچی یاریزانێکی دیکە خەڵاتەکەی بردەوە، ئەوەش بە دڵی هاوسەرە کوردەکەی ئەو یاریزانە نەبوو.

شەنگە فۆرسبێرگ، تەمەن 25 ساڵان، کە خەڵکی شاری سلێمانی باشووری کوردستانە، یاریزانی تۆپی پێ و هاوسەری ئیمێل فۆرسبێرگی تەمەن 26 ساڵان، هێرشبەری یانەی لایپزیگی ئەڵمانییە. ئەو تووڕەیی خۆی لەوە نیشاندا کە هاوسەرەکەیان بە باشترین یاریزان لە سوێد هەڵنەبژاردووە، دوای ئەوەی یاریزانێکی نەناسراو، ئەندریاس گرانکفیستی تەمەن 32 ساڵان، یاریزانی یانەی کراسنۆداری ڕووسی، بە باشترین یاریزانی سوێد لە ساڵی 2017 هەڵبژێردرا.

ئەو دەستنیشانکردنە بەدڵی شەنگە نەبوو، کە لەسەر ئەژماری خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینیستاگرام نووسیویەتی «هاوسەرەکەم لە وەرزی ڕابردوودا 22 پاسی یەکلاییکەرەوەی لە بۆندسلیگا داوە، ئەوەش لەسەرووی هەر یاریزانێکی دیکە، لە 5 خولە گەورەکەی ئەورووپایە، کەچی بە باشترینی نازانن؟!».

بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی، ئیمێل فۆرسبێرگ، ئەویش لە یەکێتی تۆپی پێی سوێد تووڕەیەو پێیوایە ئەو ئاستەی ئەوە پێشکەشی دەکات، بەشێوەی پێویست لەبەرچاو نەگیراوە.

ئێستا ئەو یاریزانە لەلایەن یاریزانی نێودەوڵەتی پێشووی سوێدی پیر نیلسۆنی تەمەن 35 ساڵان، یاریزانی پێشووی بۆندسلیگا و یاریدەدەری بەڕێوەبەری وەرزشیی ئێستای یانەی لایپزیگ پشتیوانی لێدەکرێ. نیلسۆن لەسەر ماڵپەڕی تویتەر، نووسیویەتی «وا پێدەچێ شتەکە لایەنگیری بێت لەلایەن منەوە، بەڵام گرنگ نییە. نەدانی خەڵاتی تۆپی زێڕینی ئەمساڵ بە یاریزان ئیمێل فۆرسبێرگ، بەلای منەوە شتێکی تەواو نا ڕوونە».

> **شەنگە:** مێردەکەم لەسەر ئاستی ئەورووپا زۆرترین ئەسیستی هەبووە کەچی بە باشترینی نازانن

خاتوو شەنگە فۆرسبێرگ، ئەویش یاریزانی یانەی لایپزیگە، توندترین ڕەخنەگری هاوسەرەکەشیەتی، کاتێک ئاستی باش پێشکەش ناکات، وەک چۆن سەرەتای ساڵ وایکرد و لەگەڵ بیڵد قسەی کردو گوتی «هاوسەرەکەم تەنیا بە ڕێژەی 90 %ی ئاستی دەردەکەوێ، دەتوانێ گۆڵی زیاتر تۆمار بکات و پاسی یەکلاییکەرەوەی زیاتریش بدات».

نازناوی باشترین یاریزان لە سوێد، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا لەلایەن سوڵتان ئیبراهیمۆڤیچی تەمەن 36 ساڵان، یاریزانی ئێستای مانچێستەر یونایتد قۆرخ کرابوو، کە لە مانگی نیسانی ڕابردوو تووشی پێکان بوو، بەڵام بەمدواییە چاکبووەتەوە، بۆیە لە کاندیدکردن بۆ خەڵاتی باشترین یاریزان لە سوێد دوورخرایەوە.

شەنگە بورهان حوسێن، کچی بورهان حوسێنی یاریزانی پێشووی یانەی سلێمانییە. ڕۆژی 2016/7/15 شەنگە و ئیمیل فۆرسبێرگی یاریزانی هەڵبژاردەی سوێد ژیانی هاوسەرییان دروستکرد، کە ئەو یاریزانە ئێستا بە شوێنگرەوەی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ هەژمار دەکرێت و ناوبانگێکی زۆری لە سوێد هەیە.

شەنگە، لە هێڵی هێرشبردن یاری دەکات، لە ساڵی 2009 بووەتە یاریزانی یانەی Sundsvalls DFFی کچانی سوێدی و ئێستا بۆ تیپی ئافرەتانی یانەی لایپزیگ یاری دەکات.



**مسۆگەرە**

ئیریک ئۆلهاتسی بریکاری پێشووی ئەنتوان گریزمانی هێرشبەری فەرەنسی یانەی ئاتلێتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، رایگەیاند ڕۆیشتنی گریزمان لە ئاتلێتیکۆ مەدرید مسۆگەرە. ئەو لەو بارەوە گوتی «من گریزمان باش دەناسم، ئەو لەگەڵ یانەکەی دڵخۆش نییە، بۆیە ناتوانێت ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پێشکەش بکات. ئەو هەروەها لە ڕەفتارەکانی هاندەرانی ئاتلێتیکۆ مەدریدیش بێزارە، بۆیە دڵنیام لەوەی ئەو لە کۆتایی ئەم وەرزەدا ریزەکانی یانەکەی جێدەهێڵێت».

## لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕاکێشانی تیروپشک..

# چەند ڕاستییەک لەبارەی هەڵبژاردەکانی مۆندیالی 2018




**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

تیروپشکی یارییەکانی مۆندیالی 2018 لە ڕووسیا، لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی داهاتوو ڕادەکێشرێ. لە خوارەوە ڕۆژەڤێکی تایبەت لەبارەی پاڵەوانییەکە دەخەینەڕوو، کە لەبارەی هەر 32 هەڵبژاردە بەشداربووەکەیە، زێدەباری چەند ڕاستییەک لەبارەی یاریگە و ئەو شارانەی میوانداریی پاڵەوانییەتییەکە دەکەن.

- 12 یاریگە لە 11 شار میوانداریی مۆندیالی 2018 دەکەن.
- ڕووسیا کە خاوەنی لاوازترین پۆلینە، لە مۆندیالی سەر خاکی خۆی بەدوای سوپرایزێکدا دەگەڕێ.
- ئەڵمانیا پێش گەشتی بەرگریکردن لە نازناوی مۆندیال، پڕ متمانەیە.
- بەرازیل دەگەڕێتەوە ژێر ڕووناکی، دوای لەبیرکردنی دۆڕانی 7 ـ 1.
- پورتوگال هێشتا بەئاگایە و پشت بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەبەستێ.
- ئەرجەنتین دەیەوێ سنوورێک بۆ دوورکەوتنەوە لە نازناوەکان دابنێ، هەرچەندە کێشەی لە گۆڵ تۆمارکردندا هەیە.
- بەلجیکا ڕووبەڕووی فشارەکان دەبێتەوە، بۆ هەڵکشان بۆ ئاستی پێشبینییەکان.
- ڕۆبەرت لیڤاندۆفسکی مەکینەی گۆڵ تۆمارکردن، دەیەوێ قەربووی پۆڵەندا بکاتەوە.
- فەرەنسا بژاردەی هێرشبردنی زۆرە، کە باڵادەستی لە مۆندیال پێ یەکلایی بکاتەوە.
- ئیسپانیا نیشانەی گێڕانەوەی ترس و سامی لە ڕووسیا لێ بە دیارکەوتووە.
- پیرۆ شکۆیەکی تازە بنیات دەنێ، لەگەڵ پیاوێک، کە 32 ساڵ پێش ئێستا وێرانی کرد.
- نەوەی ئێستای سویسرا، لە گەیشتن بە لوتکە نزیکبووەتەوە، هەرچەندە هەندێ گومانیشی لێ دەکرێ.
- سیما تازەکان، بۆ خۆلادان لە دووبارەبوونەوەی هەمان کێشە کۆنەکان، لە ئینگلتەرا.
- خۆسێ بیکرمانی ڕاهێنەری ئەرجەنتینی ڕووبەڕووی ئەستەمی بووەتەوە، بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەیەکی گونجاو بۆ کۆلۆمبیا.
- مەکسیک هیوایەکی زۆری بە نەوەی زێڕینی هەیە.
- تاپارێز لاو و ئەزموونی تێکەڵاو کردووە، ئۆرۆگوایییەکانیش پێی گەشبینن.
- کرواتیای ئاوەدان بە بەهرەمەندەکان، خەون بە دووبارەکردنەوەی ئاستی لە 1998 دەبینێ.
- ئێریکسن، هیواکانی دانیمارکی لە درەوشانەوە لە مۆندیال لە کۆڵ کردووە.
- ئایسلەندا لە مۆندیال خۆی بۆ برگەیەکی تازە، لە چیرۆکی لەگەڵ تۆپی پێ ئامادە دەکات.
- سیما باوەکانی کۆستاریکا، هەوڵ بۆ دووبارەکردنەوەی هەمان دەستکەوتی مۆندیالی 2014 دەدەن.
- ئاندرسۆن سوپرایزێک دەتەقێنێتەوە و پێشەوایەتی سوێد دەکات لە مۆندیالدا.
- تونس دوای 1978 چاوی لە یەکەم بردنەوەیە لە مۆندیالدا.
- میسر کۆتایی بە ساڵەکانی بێهوایی دێنێ و دواجار دەگاتە مۆندیال.
- ناوە تازەکەی سەنیگال، هەوڵ بۆ جێهێشتنی شوێنپەنجەیەک لە مۆندیال دەدات.
- کارلۆس کیرۆش هیوای ئەوە دەخوازێ، ئێران زۆرترین ماوە لە ڕووسیا بمێنێتەوە.
- پێکهاتە لاوەکەی سڕبیا، هەوڵ بۆ قنیاتکردن و چێژبەخشین لە ڕووسیا دەدات.
- نایجیریا گرەو لەسەر پێکهاتەیەکی لاوی پێگەیشتوو دەکات لە ڕووسیا.
- ڕاهێنەرە تازەکەی ئوستراليا، پێویستی بە چارەکردنی کێشەی کۆتایی پێهێنانی هێرشەکان هەیە.
- ژاپۆن بە چەکی هیوا ڕوو لە مۆندیال دەکات.
- دەستێکی درێژکراو بۆ ئاشتی، یارمەتی مەغریب دەدات، بگاتە مۆندیال.
- پەنەما پشت بە جادووی ڕاهێنەر گۆمێز دەبەستێ، لە مۆندیالدا.
- سعوودیە خەون بە گێڕانەوەی شکۆی ڕابردوو لە مۆندیال دەبینێ.
- کۆریا باشوور بە چ ڕوویێک لە مۆندیال دەردەکەوێ؟.

> «تونس دوای 40 ساڵ چاوی لە یەکەم بردنەوەیە لە مۆندیالدا»





## «هەردوو ئەلکانتارا کارامە و بەهرەمەندن، بەڵام بەدبەختی بەرۆکیان بەرنادات»

# پێکانی ترسناک میراتی ماڵباتی ئەلکانتارایە

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

نەفرینی پێکانەکان، بووەت میراتێکی گواستراوە لەنێو تاکەکانی ماڵباتی ئەلکانتارا، سەرەتا لە باوک مازینیۆ تاوەکو دەگاتە کوڕەکانی تیاگۆ و ڕافینیا، ئەوەش ڕێگەی گەیشتن بە شکۆمەندی لێگرتوون.

تیاگۆ ئەلکانتارای ئەستێرەی بایرن میونشن، ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، لە یاری بردنەوە لە ئاندرلەخت لە بەلجیا بەئەنجامی 2 ـ 1 گۆڵ، تووشی پێکانێکی تازە لە ئەژنۆی بوو، کە بەهۆیەوە چەند مانگێک دوور دەکەوێتەوە.

ئەو پێکانە بە تاسانێک بۆ تیاگۆ دادەنرێ، چونکە تازە قاچەکانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا چەقاندبوو، نزیکەی 7 مانگ پێش مۆندیالی ڕووسیا، پێشتریش هەر بە هۆی پێکان، لە مۆندیالی بەرازیل 2014 دابڕا. ڕافینیای براشی، یاریزانی بارسێلۆنا ماوەیەکی درێژە بەهۆی پێکان لە یاریکردن دابڕاوە، پێشناچێت گەڕانەوەی بەمنزیکانە بێت، هەرچەندە هیوای وابوو لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل، بەشداریی لە مۆندیالی ڕووسیا بکات.

هەردوو برا کارامە و بەهرەمەندن، بەڵام بەدبەختی بەرۆکیان بەرنادات، هەرچەندە تەمەنی تیاگۆ 26 ساڵانە و تەمەنی ڕافینیاش 24 ساڵانە، واتە تازە لە تافی لاویدان، بەڵام ئەزموونی زۆریان لەگەڵ پێکانەکان، چ لەگەڵ بەستەری خاچی، یان ژێی ئەکلیس و پێکانەکانی دیکەشدا هەیە.

تیاگۆ و ڕافینیا بوونەتە پسپۆری چاکبوونەوەو شیاندنی جەستەیی تاکەکەسی، دوور لە تیپەکانیان، بەڵام بەردەوام لە کاتی هەستیاردا تووشی پێکان دێن، لەوانەیە جەماوەری بارسێلۆنا ڕافینیایان لە لیستی یاریزانان لەبیرچوو بێتەوە، لەبەرئەوەی زۆر بە دەگمەنی دەردەکەوێ، هەردوو برا بەهۆی پێکانەکان، لە 209 یاری دابڕاون و ماوەی 1790 ڕۆژیش لە یاریگەکان دوورکەوتوونەتەوە. ئەوەی پەیوەستە بە تیاگۆوە، 119 یاری و 1220 ڕۆژ لە لاکێشەی سەوز دوورکەوتووەتەوە. هەمان نەفرەت بەر مازینیۆی باوکیشیان کەوتبوو، کە لەگەڵ بەرازیل بەشداریی لە مۆندیالی 1994 کرد، ئەگەر پێکان نەبووایە، لەوانەبوو ئەستێرەیەکی درەوشاوەی جیهانی تۆپی پێ بووایە.

> باوک و هەردوو کوڕەکەی هەمیشە پێکراون..



## دوور لە سزادانەکەی ئێستای، باسی شەڕی زلاتان و گاتۆزۆ دەکات..

# ڕۆبینیۆ: ئیبراهیمۆڤیچ پیاوێکی لەخۆبایی و نمایشکەرە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Samba**

ڕۆبینیۆ، ئەستێرەی بەرازیلی، دوور لەو کێشەیەی ئێستا تووشی بووە، کە دادگایەکی ئیتاڵی بە تۆمەتی دەستدرێژکردنی سێکسی سزای 9 ساڵ زیندانی بۆ دەرکردووە، لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا باسی چەند ڕووداوێکی خۆشی خۆی لەگەڵ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ و بەشەڕهاتنی لەگەڵ گاتۆزۆ، لە کاتی مەشقەکان لە میلان دەکات.

بەر لەوەی هێرشبەری بەرازیلی ڕۆبینیۆی تەمەن 33 ساڵان، بگەڕێتەوە وڵاتەکەی لە ڕێگەی یانەی ئاتلێتیکۆ مینیرۆوە، چەند ئەزموونێکی پیشەگەریی لە ڕیال مەدرید، مانچێستەر سیتی، ئای سی میلان و گوانزۆی چینی تاقی کردەوە. مانەوەی لە میلان درێژترین بوو، کە ماوەی 5 ساڵ لەو یانە ئیتاڵییە مایەوە. لەبارەی کاروانی پیشەرگەریدا، ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ڕۆبینیۆ ئەنجام داوە، کە تێیدا باسی چەند هەڵوێستێکی لەبیرنەکراوی لەگەڵ هاوتیپەکەی لە میلان، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ کردووە.

وەک ماڵپەڕی شپۆرت بیلدی ئەڵمانی بڵاویکردووەتەوە، ڕۆبینیۆ لەو هەڤپەیڤینەیدا دەڵێت «زلاتان هاتە لام و پێیگوتم، ئەو بەرپرسانی میلانی ڕازیکردووە، گرێبەستم لەگەڵدا بکەن، پێیگوتم تۆ بەهۆی منەوە لێرەی».

لەبارەی ئەوەی ئایا ڕۆبینیۆ پێیوایە، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ کەسێکی لەخۆبایی و لاف لێدەرە، ڕۆبینیۆ گوتی «بەڵێ، بەڵام (لاف لێدانەکەی) بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشە». ڕۆبینیۆ لەبارەی هاوتیپی پێشووی گوتیشی «سەربارەت بەخۆم، هێرشبەری تەواو دەبێت وەک ئەو بێت، پیاوی نمایشکردنە، کەسێکە تەنیا بە بردنەوە ڕازییە». لەبارەی شتە خۆشەکانی دیکەی، لە یادەوەرییەکانی لەگەڵ ئیبراهیمۆڤیچدا، ڕۆبینیۆ کە 100 یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل کردووە گوتی «جارێکیان لە مەشقەکاندا زلاتان، جینارۆ گاتوزۆی تووڕەکرد، بووە شەڕیان لەسەر شێوازی هونەری جەنگی ژاپۆنی (جۆجیتسۆ)». ڕۆبینیۆ گوتیشی «لەلایەک ئەو جەنگاوەرە تووڕەیە (گاتوزۆ) بوو، بەرامبەریشی زلاتان بوو، ئەو پیاوەی خاوەنی پشتێنی ڕەش بوو». لەوەڵامی پرسیاری کێ براوەی جەنگەکە بوو؟ ڕۆبینیۆ گوتی «زلاتان. زلاتان بەردەوام براوەیە».

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

ژمارە (475)
سێشەممە 2017/11/28
ڕووداو وەرزشی

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 14)

| کات | یاری |
|---|---|
| | هەینی 1/12/2017 |
| 11:00 | مالاگا - لیگانێس |
| | شەممە 2/12/2017 |
| 03:00 | بارسێلۆنا - سێلتاڤیگۆ |
| 06:15 | ئاتلێتیکۆ مەدرید - ڕیاڵ سۆسیداد |
| 08:30 | سێڤیا - دیپۆرتیڤۆ لاکۆرونیا |
| 10:45 | ئاتلێتیک بلباو - ڕیاڵ مەدرید |
| | یەکشەممە 3/12/2017 |
| 02:00 | لیگانێس - ڤیاریال |
| 06:15 | خیتافی - ڤالێنسیا |
| 08:30 | ئیبار - ئیسپانیۆل |
| 10:45 | لاس پالماس - ڕیاڵ بێتیس |
| | دووشەممە 4/12/2017 |
| 11:00 | خیرۆنا - ئالاڤێس |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 35 |
| 2 - ڤالێنسیا | 31 |
| 3 - ئاتلێتیکۆ مەدرید | 27 |
| 4 - ڕیاڵ مەدرید | 27 |
| 5 - سێڤیا | 25 |
| 6 - ڤیاریال | 21 |
| 7 - ڕیاڵ سۆسیداد | 19 |
| 8 - ڕیاڵ بێتیس | 18 |
| 9 - سێلتاڤیگۆ | 17 |
| 10 - خیرۆنا | 17 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - میسی | بارسێلۆنا | 12 |
| 2 - زازا | ڤالێنسیا | 9 |
| 3 - باکامبۆ | ڤیاریال | 9 |
| 4 - مۆرینۆ | ڤالێنسیا | 8 |
| 5 - سانابریا | ڕیاڵ بێتیس | 7 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئیسپانیۆل - خیتافی) دانراوە

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 14)

| کات | یاری |
|---|---|
| | سێشەممە 28/11/2017 |
| 10:45 | لیستەر سیتی - تۆتنهام |
| 10:45 | برایتۆن - کریستاڵ پالاس |
| 11:00 | وێست برۆمیچ - نیوکاسل |
| 11:00 | واتفۆرد - مانچێستەر یونایتد |
| | چوارشەممە 29/11/2017 |
| 10:45 | ئارسیناڵ - هەدیرسفیلد |
| 10:45 | چێلسی - سوانزی سیتی |
| 10:45 | بۆرنیمۆس - بێرنلی |
| 11:00 | ئێڤێرتۆن - وێستهام |
| 11:00 | مانچێستەر سیتی - ساوسامپتۆن |
| 11:00 | ستۆک سیتی - لیڤەرپوول |
| | شەممە 2/12/2017 (هەفتەی 15) |
| 03:30 | چێلسی - نیوکاسل |
| 06:00 | برایتۆن - لیڤەرپوول |
| 06:00 | ئێڤێرتۆن - هەدیرسفیلد |
| 06:00 | لیستەر سیتی - بێرنلی |
| 06:00 | ستۆک سیتی - سوانزی سیتی |
| 06:00 | واتفۆرد - تۆتنهام |
| 06:00 | وێست برۆمیچ - کریستاڵ پالاس |
| 08:30 | ئارسیناڵ - مانچێستەر یونایتد |
| | یەکشەممە 3/12/2017 |
| 04:30 | بۆرنیمۆس - ساوسامپتۆن |
| 07:00 | مانچێستەر سیتی - وێستهام |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مانچێستەر سیتی | 37 |
| 2 - مانچێستەر یونایتد | 29 |
| 3 - چێلسی | 26 |
| 4 - ئارسیناڵ | 25 |
| 5 - تۆتنهام | 24 |
| 6 - لیڤەرپوول | 23 |
| 7 - بێرنلی | 22 |
| 8 - واتفۆرد | 21 |
| 9 - برایتۆن | 16 |
| 10 - ساوسامپتۆن | 16 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (برایتۆن - ستۆک سیتی)

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 15)

| کات | یاری |
|---|---|
| | هەینی 1/12/2017 |
| 09:00 | ڕۆما - سپال |
| | شەممە 2/12/2017 |
| 11:00 | ناپۆلی - یوڤێنتوس |
| | یەکشەممە 3/12/2017 |
| 10:45 | تۆرینۆ - ئاتالانتا |
| 02:30 | بێنێڤێنتۆ - میلان |
| 05:00 | بۆلۆنیا - کالیاری |
| 05:00 | فیۆرێنتینا - ساسولۆ |
| 05:00 | ئینتەرمیلان - کیێڤۆ |
| 10:45 | سامپدۆریا - لازیۆ |
| | دووشەممە 4/12/2017 |
| 09:00 | کرۆتۆنی - ئۆدینێزی |
| 11:00 | ڤێرۆنا - جێنەوا |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ناپۆلی | 38 |
| 2 - ئینتەرمیلان | 36 |
| 3 - یوڤێنتوس | 34 |
| 4 - ڕۆما | 31 |
| 5 - لازیۆ | 29 |
| 6 - سامپدۆریا | 26 |
| 7 - میلان | 20 |
| 8 - بۆلۆنیا | 20 |
| 9 - کیێڤۆ | 20 |
| 10 - تۆرینۆ | 19 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 15 |
| 2 - ئیموبیلی | لازیۆ | 15 |
| 3 - دیبالا | یوڤێنتوس | 12 |
| 4 - مێرتێنز | ناپۆلی | 10 |
| 5 - هیگواین | یوڤێنتوس | 8 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 15)

| کات | یاری |
|---|---|
| | سێشەممە 28/11/2017 |
| 09:00 | ستراسبۆرگ - کان |
| 09:00 | ئامیان - دیژۆن |
| 11:00 | بۆردۆ - سانت ئیتیان |
| | چوارشەممە 29/11/2017 |
| 09:00 | گوینگامپ - مۆنپیلیە |
| 09:00 | ئانژێ - ڕێن |
| 09:00 | لیون - لیل |
| 09:00 | مێتز - مارسیلیا |
| 09:00 | نانت - مۆناکۆ |
| 09:00 | تولوز - نیس |
| 11:00 | پاریس سانجێرمان - ترۆا |
| | هەینی 1/12/2017 (هەفتەی 16) |
| 10:45 | دیژۆن - بۆردۆ |
| | شەممە 2/12/2017 |
| 07:00 | ستراسبۆرگ - پاریس سانجێرمان |
| 10:00 | مۆناکۆ - ئانژێ |
| 10:00 | نیس - مێتز |
| 10:00 | ڕێن - ئامیان |
| 10:00 | لیل - تولوز |
| 10:00 | ترۆا - گوینگامپ |
| | یەکشەممە 3/12/2017 |
| 05:00 | سانت ئیتیان - نانت |
| 07:00 | کان - لیون |
| 11:00 | مۆنپیلیە - مارسیلیا |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 38 |
| 2 - لیون | 29 |
| 3 - مۆناکۆ | 29 |
| 4 - مارسیلیا | 28 |
| 5 - نانت | 23 |
| 6 - کان | 22 |
| 7 - مۆنپیلیە | 20 |
| 8 - سانت ئیتیان | 19 |
| 9 - ڕێن | 18 |
| 10 - ترواخاڵ | 18 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 14)

| کات | یاری |
|---|---|
| | هەینی 1/12/2017 |
| 10:30 | فرایبۆرگ - هامبورگ |
| | شەممە 2/12/2017 |
| 05:30 | بایرلیڤەرکۆزن - بۆرووسیا دۆرتمۆند |
| 05:30 | بایرن میونشن - هانۆڤەر |
| 05:30 | هۆفنهایم - لایپزیگ |
| 05:30 | ماینز - ئۆگسبورگ |
| 05:30 | ڤێردێربریمن - شتوتگارت |
| 08:30 | شالکێ - کۆلن |
| | یەکشەممە 3/12/2017 |
| 05:30 | هێرتا بەرلین - فرانکفۆرت |
| 08:00 | ڤۆلفسبورگ - مینشنگلادباخ |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 29 |
| 2 - لایپزیگ | 26 |
| 3 - شالکێ | 24 |
| 4 - مینشنگلادباخ | 24 |
| 5 - بۆرووسیا دۆرتمۆند | 21 |
| 6 - بایرلیڤەرکۆزن | 20 |
| 7 - هۆفنهایم | 20 |
| 8 - ئۆگسبورگ | 19 |
| 9 - فرانکفۆرت | 19 |
| 10 - هانۆڤەر | 19 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 13 |
| 2 - ئۆبامایانگ | بۆرووسیا دۆرتمۆند | 11 |
| 3 - ڤۆلاند | بایرلیڤەرکۆزن | 8 |
| 4 - ڤێرنەر | لایپزیگ | 7 |
| 5 - فیلیپ | بۆرووسیا دۆرتمۆند | 6 |

## گۆڵکارانی خولی ئینگلتەرا

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سەلاح | لیڤەرپوول | 10 |
| 2 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر سیتی | 9 |
| 3 - کەین | تۆتنهام | 9 |
| 4 - لۆکاکۆ | مانچێستەر یونایتد | 8 |
| 5 - مۆراتا | چێلسی | 8 |

## گۆڵکارانی خولی فەرەنسا

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 16 |
| 2 - فالکاو | مۆناکۆ | 13 |
| 3 - فەقیر | لیۆن | 11 |
| 4 - دیاز | لیۆن | 10 |
| 5 - نەیمار | پاریس سانجێرمان | 8 |

10:45
خولی ئینگلتەرا
لیستەر سیتی - تۆتنهام
سێشەممە 28/11/2017

11:00
خولی ئیتاڵیا
ناپۆلی - یوڤێنتوس
هەینی 1/12/2017

03:00
خولی ئیسپانیا
بارسێلۆنا - سێلتاڤیگۆ
شەممە 2/12/2017

05:30
خولی ئەڵمانیا
بایرلیڤەرکۆزن - بۆرووسیا دۆرتمۆند
شەممە 2/12/2017

08:30
خولی ئینگلتەرا
ئارسیناڵ - مانچێستەر یونایتد
شەممە 2/12/2017

10:45
خولی ئیسپانیا
ئاتلێتیک بلباو - ڕیاڵ مەدرید
شەممە 2/12/2017

07:00
خولی فەرەنسا
ستراسبۆرگ - پاریس سانجێرمان
شەممە 2/12/2017

10:45
خولی ئیتاڵیا
سامپدۆریا - لازیۆ
یەکشەممە 3/12/2017

ژمارە ( 475 )
سێشەممە 2017/11/28



**نەخۆشە**

مایکل کاریکی یاریزانی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە یاریگەکان بۆ ماوەی 2 مانگ ئاشکرا کرد و رایگەیاند کە ئەو نەخۆشی دڵی هەیە. کاریک لەو بارەوە گوتی «لەدوای یاری بریتۆن هەستم بە شتێکی نامۆ کرد، دوای پشکنینە پزیشکییەکان دەرکەوت کێشەم لە لێدانەکانی دڵ هەیە، ئێستا بارودۆخم باشە و هەموو لایەک دڵنیا دەکەمەوە کە دەستم بە مەشقەکان کردووەتەوە».



ڕێبوار محەممەد

# ئیمپراتۆریەتێکی فشۆڵ و ڕاهێنەرێکی سەرشێت

دواجار وەک ئەوەی پێشبینی دەکرا و لەوانەیە هەندێک درەنگیش بێت، یانەی میلان دوورخستنەوەی ڤیچینزۆ مۆنتێلای لە مەشقدانی یانەکە راگەیاند.

لە راستیدا ئەوەی ئێستا لە میلان روودەدات، بەبڕوای من درێژکراوەی ئەو دۆخە ناجێگیرەیە کە یانەکە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەخۆوەی بینی، هەر لە نزیکبوونەوەی سیلڤیۆ بێرلسکۆنی سەرۆک و خاوەنی مێژوویی یانەکە لە مایەپوچبوون، تا سزادانی گرووپی میدیا ساتی سەر بەو سەرمایەدارە بەبڕی 500 ملیۆن یۆرۆ، کە بووە هۆی زیانێکی گەورە بۆ بیرلسکۆنی تا رەنگدانەوەی ئەو زیانە لەسەر یانەی میلان (لەبەرئەوەی میلانیش بەشێک بوو لە کۆمپانیاکانی بێرلسکۆنی)، تا دەگاتە فرۆشتنی یاریزانە لاوەکان و مانەوەی ریزێک یاریزانی پیر لە یانەکەدا و رازیبوون بە هەموو قەدەرێک کە بەرۆکی یانەکە دەگرێت بەهۆی بێپارەییەوە.

هەموو ئەوەی روویدا و یانەکەی لە ئەستێرەکان خاڵی کردەوە، لە کۆتاییدا بێرلسکۆنی ناچارکرد واز لە سەرۆکایەتی یانەکە و خاوەندارێتییەکەی بهێنێت و بە گرووپی رۆسۆنێری سپۆرتی چینی بفرۆشێت و لە دوای ئەوەش سەرۆکی نوێی یانەکە درایە لی یۆنهۆنگی چینی.

هاوڕێکانم لە بەرنامەی یاریگەی رووداوی رادیۆی رووداو، شایەتی ئەوەم بۆ دەدەن کە من بەر لە دەستپێکردنی وەرزی نوێ و لە کاتێکدا هەموو میدیای جیهانی باسی لە گرێبەستەکانی ئەو یانەیە دەکرد، گومانم لە توانای مۆنتێلا پێشاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو یاریزانانە کە سەرنجی زۆری میدیایان دەکەوێتە سەر، بەهۆی یاریکردنیان لە تیپێکدا کە هەموو جیهان چاوەڕێی ئەنجامەکانی دەکات.

مۆنتێلا شکستی هێنا لەوەی خەونی پێوەدەبینی. ئەو راهێنەرە چەند کاژێرێکی کەم دوای مسۆگەرکردنی سەرکەوتن بۆ قۆناخی دووەمی یۆرۆلیگ لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، لە کاتێکدا ئەو باسی لە پلانی خۆی بۆ راستکردنەوەی دۆخی میلان لە خولی ئیتاڵیدا دەکرد، بەرپرسانی یانەی میلان لەگەڵ جینارۆ گاتۆزۆدا گەیشتبوونە رێکەوتن لەسەر هەموو شت.

مۆنتێلا دوورخرایەوە پاش ئەوەی لە 23 یاریدا 23 پێکهاتەی جیاوازی تاقیکردەوە، بەبێئەوەی لەسەداسەد بگاتە پێکهاتەیەکی جێگیر و ئەوەی دەیەوێت. چەندین یاریزانی ئاستبەرزی وەک بۆنۆچی لە ژێر دەستی ئەودا ئاستیان بەشێوەیەک دابەزی بوونە جێگەی گاڵتەجاریی میدیاکان، کەواتە هیچ شتێک لە میلاندا لە بەرژەوەندی ئەو راهێنەرەدا نەبوو، بەرەیەکی ئاگراوی لە هەموو لایەکەوە لێکرایەوە و چەکی رووبەڕووبوونەوەی ئەو چەکەی پێنەبوو، کە بێگومان بردنەوە و ئەنجامی باشی تیپەکەی بوو.

مۆنتێلا دوورخرایەوە و ئەوەش کارێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام ئەوەی لە کۆی دوورخستنەوەی مۆنتێلادا چاوەڕوانکراو نەبوو، دانانی جینارۆ گاتۆزۆ بوو بە راهێنەری یانەکە.

هەمووان گاتۆزۆ وەک ئیتاڵییەکی سەرسەخت و کەلەڕەق دەناسین، کە زۆرجار کاری شێتانەی لە یاریگەکاندا کردووە و شەڕی زۆریشی ناوەتەوە. گوڕوتین و حەماسەتی زیاد لە پێویستی ئەومان لە یارییەکاندا لەبیرە، لەوە زیاتر شتێکی دیکە نییە ببێتە جێگەی سەرنج بۆمان.

لە سەرەتای وەرزی ئەمساڵدا جەیمس باڵۆتای خاوەنی یانەی رۆما گوتی خاوەنە نوێیەکانی میلان، یان شێتن یان عەقڵیان لەدەستداوە، ئەمەش بەهۆی هەموو ئەوەی لە هاویندا کردیان لە دانەوەی 300 ملیۆن یۆرۆ قەرزی یانەکە و خەرجکردنی 200 ملیۆن بۆ هێنانی زیاتر لە 12 یاریزانی نوێ.

ئەوەی ئەو سەرۆکە بە خاوەنە نوێیەکانی میلانی گوت، پێموایە بۆ ئێستاش هەر هەمان شتە لە دانانی گاتۆزۆدا بە راهێنەری نوێی یانەکە، ئاخر گاتۆزۆ لە یاریزانێکی ئاسایی یان کەمێک سەرووتر لە ئاسایی شتێکی دیکە نەبووە، ئەو نە هێندەی مۆرینیۆ زۆرزانی تێدایە تا بڵێین مەرج نییە یاریزانی ئاسایی نەبێتە راهێنەری باش، نە هێندەی گواردیۆلا فەلسەفەی پێیە تا بڵێین زیرەکانە تیپەکەی راستدەکاتەوە. نە کاریزمای زیدانی هەیە، نە ئارامییەکەی پۆکیتینیۆ. کەمێک حەماسەتی زیاد لە پێویست چیدیکە لەودا دەبینرێت؟

ئەگەر یەک تۆز لە دونیا تێگەیشتبم، دەزانم راهێنەر پێویستی بە کاریزما و کەسایەتی هەیە، دەبێ خوێندنەوەی بۆ دەروونی یاریزانەکانی هەبێت و ئارام بێت، ئینجا بابەت دێتە سەر کاری تەکتیکی، گاتۆزۆ لە یاریزانێکی سەرشێت زیاتر لە یاریگەکاندا شتێکی دیکەی لێنەبینراوە، ئاخر پێمناڵێن ئەو چۆن دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو فشارەدا بکات کە دەکەوێتە سەری بەهۆی مەشقدانی میلانەوە؟

ئەوەی ئێستا میلانی تێدایە، تەنیا ئیمپراتۆریایەکی فشۆڵ و ئایندەتاریکە، بەدەست راهێنەرێکی سەرشێت و بێئەزموونەوە. لەوە زیاتر ناونیشانێکی دیکەی نییە.



## باپیری پیکێ دووپاتی دەکاتەوە..

# پیکێ و شاکیرا بەردەوامن لە عیشقەکەیان

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

ئەمادۆر برنابیۆ، باپیری جیرارد پیکێی ئەستێرەی بارسیلۆنا، باسی ئەو راپۆرتانەی کرد، کە باسیان لە بوونی قەیران لەنێوان نەوەکەی و دۆستەکەی خانمە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی شاکیرا دەکرد. کە بووە هۆی نانەوەی مشتومڕێکی زۆر لە دەزگاکانی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

برنابیۆ کە پێشتر جێگری سەرۆکی یانەی بارسیلۆنا بووە، لەو بارەوە گوتی «هەموو ئەو شتانەی لە راگەیاندنەکان بڵاوکرانەوە، راست نەبوون، پەیوەندی نێوانیان زۆر بەهێزە، نە قەیران و نە کارەسات لەنێو ماڵەکەیاندا نییە، ئەوان لە جاران پەیوەستتر و یەکگرتووترن، ئەوان بەردەوامن لە عیشقەکەیان». باپیری پیکێ گوتیشی «شاکیرا ئێستا خۆی بۆ گەشتێکی گرنگ لە کاروانی هونەری خۆی ئامادە دەکات، لە ماوەی داهاتوودا لەسەر گەشتەکانی لەنێوان ئەورووپا و ئەمریکا بەردەوام دەبێت، پێکێش لەوە گەیشتووە». هەروەها دووپاتیشی کردەوە «پیکێ و شاکیرا کاری تایبەتی خۆیان هەیە، ناشکرێ وەڵامی هەموو دەنگۆیەک بدەنەوە، کە لە راگەیاندنەکان لە بارەیانەوە دەکرێ».




# ریال بەدەستی خۆی ماڵی خۆی وێرانکرد

**ئا: سەفین تەها**

ریال مەدرید کە لە دوو وەرزی رابردوودا بووە پاڵەوانی ئەورووپا، زۆربەی چاودێران هۆکارەکەی بۆ بازاڕباشی ئەو لە مێرکاتۆیەکاندا دەگەڕاندەوە، کە زەینەدین زیدانی راهێنەر هەمیشە دوو پێکهاتەی ئاستبەرزی لەژێر دەستدا بوو، بەڵام کە لە مێرکاتۆی هاوینی رابردوودا ستراتیژیەتی خۆی گۆڕی و کۆمەڵێک یاریزانی بە ئەزموون و بەتوانای فرۆشت و کۆمەڵێک یاریزانی گەنجی هێنایە شوێنیان، چیدی ریال مەدریدی جاران نەماوە، کە ئێستا بە جیاوازی 8 خاڵ لەدوای بارسیلۆنای رکابەری دێت لە لیگادا. هەروەها لە چامپیۆنزلیگیشدا بە پلەی دووەمی گرووپەکەی گەیشتە قۆناخی 16.

لەم گرافیکەدا جیاوازی ئامارەکانی ئەو یاریزانانەی ریال مەدرید فرۆشتنی و ئەوانەی کڕیونی، هەڵە گەورەکەی ریال مەدریدمان نیشاندەدەن. کە ئەو 6 یاریزانەی فرۆشراون 23 گۆڵیان بۆ یانەکانیان تۆمارکردووە، کەچی ئەو 6 یاریزانەی هاتوونەتە ریزەکانی ریال مەدرید تەنیا 3 گۆڵیان تۆمارکردووە، هەرچەندە ئەوان تاوەکو ئێستا 17%ی ئەو خولەکانە یارییان کردووە کە ریال مەدرید لەم وەرزەدا یاریکردووە.



## دوای 11 ساڵ چاوەڕوانی..

# نەیهێشت لە یارییەکدا گۆڵی لێببێت

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

ئیگۆر ئەکینفیێف، گۆڵپارێزی رووسی لە یاری تیپەکەی سیسکا مۆسکۆ بەرامبەر بێنفیکای پورتوگالی، توانی گۆڵەکەی بە خاوێنی بهێڵێتەوە، ئەوەش جاری یەکەمە لەو ئەرکەی سەرکەوتوو دەبێت، دوای چاوەڕوانیکردن لە 43 یاری لە چامپیۆنزلیگدا.

سیسکا مۆسکۆ بردنەوەیەکی بەنرخی لە یانەی بێنفیکای پورتوگالی، بە 2 گۆڵی خاوێن رفاند، کە جیۆرجی شینکۆف لە خولەکی 13 و جاردێل بە هەڵە لە گۆڵی خۆیان تۆماریان کرد، بەمەش سیسکا لە گەیشتن بە قۆناخی دووەم نزیک بووەوە، دوای بەرزبوونەوەی خاڵەکانی بۆ 9 خاڵ لە پلەی دووەمدا.

ئەو شتەی جێگەی سەرنج بوو لەم یارییەدا، گۆڵپارێزی رووسی ئیگۆر ئەکینفیێف، بە ژمارەیەکی ناوازە لەو یارییە دەرچوو، ئەویش گۆڵ لێنەبوون و هێشتنەوەی گۆڵەکەی بە خاوێنی بوو، ئەو شتەش ماوەی 11 ساڵە لە چامپیۆنزلیگ، بۆ ئەو گۆڵپارێزە روونەداوە. ئیگۆر لە ساڵی 2006ەوە لە چامپیۆنزلیگدا نەیتوانیوە گۆڵەکەی بە خاوێنی بهێڵێتەوە، دوایینجار کە بە کلین شیت دەرچوو، بەرامبەر ئارسیناڵی ئینگلیزی بوو، ئەو کاتەی یارییەکە بە یەکسانبوون بەبێ گۆڵ کۆتایی هات.

## پێشبڕکێ



به کورترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو هێمن مستەفا لە سلێمانی

بە کۆمێنتی: (جەماوەر وەلا دەنێم، سنوورێکت بۆ دادەنێم)



RÛDAW

(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە
کۆمپانیای رووداو هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەرێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووان گەنجتر دەکاتەوە